# گەشتێک بەنێو ڕێزمانی چاوگی (ئاندن)دا

**د. شێرکو بابان / پرۆفیسۆری هاریکار**

لە ڕێزمانی کوردی دا، ڕێزمانی چاوگی (ئاندن) و ڕێژەکانی هەر لە ئاستی کاری تێنەپەڕدا باسکراوە و لە هەندێک بواری بەر تەسکدا، لە کاری دەنگە سروشتیەکان دا لێ ی دوواون. لە راستی دا، چاوگی (ئاندن) بریتی یە دەروازەیەکی والا و بێ بەرهەڵستی چی بۆ کاری تێ نەپەڕ و چی بۆ کاری دەنگە سروشتیەکان. لەگەڵ ئەوەش دا هەندێک نهێنی و حەشارگە هەیە لە ڕێزمانەکەی داو ئەو بابەتانەش دەبن پێکهاتەی ڕێزمانی چاوگی (ئاندن). بێگومان ئەم کێشەیە ڕەنگە لەلای کەسانی تر سادە و ساکار بێت، بەڵام لەلای ئێمە وا نی یە و هێشتا ڕێزمانی چاوگی (ئاندن) زۆری تێدا ماوە کە باس بکرێت. تەنانەت، ئەم نووسینەش هەر بەشێک لە نهێنی یەکانی دەخاتە ڕوو. لە پوختەی باسەکەدا کە لە کۆتایی دا تۆمار کراوە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت خۆی ئاشنا بکات بە ئەو نهێنی و حەشارگانە. بە هیواوین لە داهاتوودا بتوانین بە شێوەیەکی هوورتر و کاریگەرتر لەسەر بابەتەکە بنووسینەوە و کەڵکی زۆرتر ببەخشین بە ڕێزمانی چاوگی (ئاندن).

## چاوگی (ئاندن):

چاوگی (ئاندن) بریتی یە لە کەرەستەیەکی ڕێزمانی چوست و بەکار بۆ فراوان کردنەوەی مەودای بەکارهێنانی (کار) لە زمانی کوردیدا. لە رووی روخسارەوە، ئەم چاوگە خانەیەکی بۆش هەڵ دەگرێت لە ناخی بیردا، لە بۆ بارگەیەک وەک:

**چاوگی (ئاندن) = چاوگی [(ـ) ئاندن].**

بێ گومان گۆکردنی دەنگی (ئـ) وەک (کۆنسۆنت) هۆی ئەوەیە کە ناتوانین بزوێنی (ا) بخەینە سەرەتای برگەی دەنگساییەوە بەڵام هەبوونی بارگەیەک لە خانە بۆشەکەدا دەرباز مان دەکات لە گۆکردنی سەبارەت بە بارگەکەی چاوگی (ئاندن)، ئەم خانە

بۆشـە والایە و ڕەهایە تـەنها بـۆ چەند بارگـەیەک، وەک:

یەکـــــەم: بـنجی کــــــاری (تێ نـەپەڕ) بۆ وەرچەرخاندنی هێزی کارەکە لە (تێ نەپەڕ)ەوە بۆ (تێپەڕ) وەک:

**سووت + ئاندن ــ سووتاندن**

**کەو + ئاندن ــ کەواندن**

**رووخ + ئاندن ــ رووخاندن**

**رم + ئاندن ــ رماندن**

**کوڵ + ئاندن ــ کوڵاندن**

ئەم دەروازە والایە روو دەکات لەسەر پاکی ئەو کـارە تێنەپەڕانەی کـە (بکەر)ەکـەیان چالاکی نانوێنێت و وزە خــــەرج ناکــــات لە رووداوی کـارەکـەدا. بەڵام لە ئاسـتی ئەو کـارانەدا کـە، (بکەر)ەکـــەیان چالاک و وزە بەخـــشــــە وەک (کـارەکـانی بزووتن) چاوگی (ئاندن) ناتوانێت بچێتە سەریان، مەگەر بە زۆر و بە چەواشـەیی، وەک:

**هاتن ــ هاندن (هێنان، هانین**

**رویشتن ــ رواندن**

**چوون ــ چواندن**

بە هەمـان شـێوە گشـت جـۆرەکـانی (بوون و هـەبوون) چاوگی (ئـاندن) ڕەت دەکـــەنەوە وەری ناگرن، چونکە رێگای تایبەتی خۆیان هەیە بۆ (تێ پەڕاندن)

دووەم: چـاوگی (ئـاندن) والاو رەهـایە بـۆ ئەو کـــارانەی کـــە واتای دەنگێکی ئاوازەدار هـەڵ دەگـرن، بۆ نموونە کـاری (گـرمــاندن) واتـای دەربرینی دەنگی ئاوازداری (گرم) یان (گرمەگرم) دەبەخـــشـێت. نـاوی ئەم دەنگە لە کــوردی دا بە بزوێنی (ە) پتەر کراوە، وەک:

گـرم: گـرمـە: گـرم (ە) گـرم بە هـەمـان شـێوە پرۆسـەی دەنگی (گرم) دەربڕین بە زاراوەی (گـرمـە گـرم) پتـەوکراوە. بە واتـایەکی دی لـە ئاسـتی ئەم جۆرە چاوگەدا ئەم زاراوە رێزمانی یانە هەن:

**گرم: دەنگی ئاوازەداری رووداوەکە**

**گرم (ە) گرم: پرۆسەی روودانی دەنگەکە**

**گـرمـە: ناوی دەنگەکـە بە وشـەی سـادە و بێ ئاوازە.**

**گـرمـاندن: کـاری رێزمـانی بۆ دەربـرینی رووداوی دەنگی ئاوازەداری (گرم).**

## بنج لە چاوگی (ئاندن)دا:

لـە ئەم جــۆرە چاوگـــەدا بنجی (کـــار) دوو سەرچاوەی هەیە، وەک:

ســـەرچاوەی یەکـەم: بنجی هەر کـارێکی (تێ نەپـەڕ) بۆی هـەیە ببـێت بە بنجی چاوگی (ئاندن). ئەم دیاردەیە لە کـویلەی پێشـوودا باسکرا، بەڵام لە ئێرەدا نەختێک دیتر نموونەکان فراوان دەکەینەوە. بـۆ نموونـە.، بنجی کــاری تێ نـەپەڕی (ســووتـان) بریتـی یە لە (سـووت) و دەشـێت رێژەکـانی چاوگی (ئاندن) لەسەری بکەونە ئیش وەک:

**دە (سووت)ێنم**

**(سووت)اندم**

**دەم (سووت)اند**

**(سووت)اند بووم**

**(سووت)اندوومە**

لە راسـتی دا بارگـەی نێـو کەوانەکـان دەشـێت بریتی بێت لە بنجی هەر کـارێکی تێـپــەڕ، بەڵام پارچەکانی دەرەوەی کەوانەکان بێ جگە لە جێناوی (م) لە بیری هـەمـوومـان دا هـەیە و هەر هـەمـوویان قـەوارەیەکی کلۆر پێت دەهێنن بۆ چاوگی (ئاندن) ئەوەش لە یادنەکـەین کە لە ئەم گـەمـەیەدا تـەنها تێ نەپەڕی خنجی برەوی هەیە.

سەرچاوەی دووەم: توخمی دەنگ یان جۆری دەنگ بۆی هەیە ببێت بە (بنج) لە چاوگی (ئاندن)دا وەک (گرم، تریشق، پرم، جیک،، لوور... هتد) ئەم دەنگانە ئاوازەدارن و چاوگەکەیان وەک (گرماندن، تریشقاندن) پرماندن، جیگاندن، لووراندن.. هتد) واتای دەربرینی ئەو دەنگانە دەخاتە روو بە ئاوازەوە، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بڵێین:

**هەروەکو (گرمە)ی هات**

**دەڵێین:**

**هەروەکە (گرم)اندی**

لە ئەم دوو سەرچاوەیە بترازێت چاوگی (ئاندن) ناچێتە سەر هیچ بارگەیەک مەگەر بەزۆر وەک:

**بەفراندن: بە واتای (تثليج)**

**بەفرێنەر: بە واتای (ثلاجە)**

**بەفرێنراو: بە واتای (مثلج)**

لە ئاستی ئەم بەکارهێنانەدا نەشازییەک یان نارێکی یەک لە بیری هەمووماندا هەیە، بەڵام نازانین بریتی یە لە چی. هۆی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ دیاردەی (دۆخگۆرکێ)، چونکە دۆخی (ئاو) دەگۆرێت بە دۆخی (بەفر) لە زمانی کوردی دا کارێکی تایبەت هەیە بۆ دۆخگۆرکێ و ئەو کارەش بریتی یە لە (بوون بە.. کردن بە..) وەک:

**بەفراندن: کردن بە بەفر. کردنە بەفر**

بەرکار لە چاوگی دەنگ دا:

لە چاوگی دەنگی سروشتی دا، توخی دەنگەکە دەبێت بە (بەرکار) و لە هەمان کاتدا دەبێت بە بنجی کارەکە، وەک:

**توخمی دەنگ = (بەرکار) = (بنجی کار)**

بۆ نموونە لەکاری (گرماندن)دا، توخمی دەنگ (گرم) دەبێت بە (بەرکار) و چاوگی (ئاندن)ی لەسەر دەگەرێت و لە هەمان کاتدا دەبێت بە (بنج) و واتای چاوگی (ئاندن) دەبەستێتەوە و بەرجەستەی دەکات.

کەواتە چاوگی دەنگی سروشتی بریتی یە لە ئەو چاگە تێپەرەی کە (بەرکار)ی پێویست نی یە، چونکە بنجەکەی بریتی یە ل (بەرکار). بۆ نموونە ئەم رستانەی خوارەوە، هەرچەند تێ پەرن، بەڵام (بەرکار) ناگرنە خۆ، چونکە بنجەکەیان دووچاربووە بە (بەرکار)ێکەوە کە بریتی یە لە دەنگی سروشتی، وەک:

**ئێمە چریکاند (مان)**

**ئێمە دە (مان) چریکاند**

**ئێوە چریکاندبوو (تان)**

**ئەوان چریکاندوو (یان)ە**

بێگومان بەدی کردنی جێناوەکانی (مان، تان، یان) لە دەمکاتی رابردوودا هێزی تێ پەری کارەکە دەردەخات، لە هەمان کاتدا وەرنەگرتنی (بەرکار) لە ئەو رێژانەدا هێزی تێ نەپەری کارەکە دەردەخات. کەواتە چاوگی دەنگە سروشتی یەکان تێ پەرن بە (رێزمان) و تێ نەپەرن بە (واتا). لە ئەم رەوانگەیەوە، باری تێ نەپەری ئەو کارانە بە ئەوە یەکلایی دەبێتەوە کە ناتوانن رێژەی (بکەر نادیار) دروست بکەن، وەک کشت کارە تێ پەرەکانی زمانەکە بە واتایەکی دی، چاوی دەنگە سروشتی یەکان خۆی جودا دەکاتەوە لە گشت کارە تێپەرەکان بە وەرنەگرتنی رێژەی (بکەر نادیار).

## چاوگی (کردن):

لە چاوگی دەنگە سروشتیەکاندا، دەشێت چاوگی (ئاندن) بەرانبەر بە چاوگی (کردن) وەک:

**گرماندن: گرمە کردن**

**بۆڵاندن: بۆڵە کردن**

**چریکاندن: چریکە کردن**

**شاتاندن: شاتەکردن**

**لووراندن: لوورەکردن**

لە راستیدا ئەم میکانیزمە زۆر بەرفراوان نییە، چونکە توخمی ئاوازەی تێدا نییە، بۆ نموونە کە دەگوترێت:

**مریشکەکە هێلکە دەکات**

**یان: مریشکەکە جیکە دەکات**

هەردوو رستەکە یەکسان دەبن لە رووی ئاوازەی دەنگەوە و ئەوەش پەسەند نییە و دەشێت، بە ئەم چەشنە لەیەکتری جودا بکێنەوە:

**هێلکە کردن: مریشکەکە هێلکە دەکات**

**جیکاندن: مریشکەکە دەجیکێنێت**

## چاوگی (ئاندن) و ئاوازەی دەنگ:

وەک لە کۆپلەکانی پێشوودا باسکرا، توخمی دەنگە سروشتی یەکە دەبێت بە بنجی چاوگی (ئاندن) و ئەو جۆرە چاوگە ئاوازەی دەنگەکە دەپارێزێت. هەر بۆ نموونە دەنگی (گرم) لە توخمی (ئاخاوتن) بێ بەری یە بەڵام لە توخمی ریتم و ئاوازە بێ بەری نی یە کەواتە دەنگی (گرم) دەشێت بە (تۆمار کردن) بپارێزێت نەک بە (نووسین). بەڵام بۆ توخمی دەنگەکە (گرم) ناوی دەنگەکە هەیە (گرمە) کە دەکەوێتە دیوی ئاخاوتنەوە، یان پرۆسەی بەرهەم هێنانی دەنگەکە هەیە وەک (گرمە گرم) کە ئەمەش دەکەوێتە دیوی ئاخاوتنەوە. لە راستی دا جۆری دەنگە سروشتی یەکە کە دەکەوێتە بەر نووسین، ئاوازەکەی دەدۆڕێنێت و مەگەر بەلاسایی کردنەوە بتوانرێت بە ئاوازە و ریتمەوە گۆ بکرێت. لە لایەکی ترەوە، لە دەنگی (بەرخ)دا کە دەگوترێت (باع) دەشێت دەنگی بەرخەکە لاسایی بکرێتەوە ئەگەر نا وشەی (باع) لە نووسین هیچ توخمێکی ئاوازە و مۆسیقا هەڵ ناگرێت. لەگەڵ ئەوەش دا چاوگی (ئاندن) لە (باعاندن) باسی ئەو ئاوازەیە هەڵ دەگرێت کەلە (باع) دا هەیە، بۆچوونی ئێمە هیچ دەنگێکی سروشتی لە رەسەنەوە بریتی نی یە لە (وشە) و بریتی یە لە پارچە ئاوازەیەکی ژەنراوی بێ واتا.

## مەرجەکانی چاوگی دەنگی سروشتی:

لە ئەو کارانەدا کە باس لە دەنگێکی سروشتی دەکەن و دەنگەکە بەرجەستە دەکەن لە بیردا وەک (گرماندن) چەند هەل و مەرجێکی تایبەتی هەیە، وەک:

مەرجی یەکەم: گشت ئەو جۆرەکارە بە چاوگی (ئاندن) دادەرێژێن وەک:

**گرم ـ گرم (اندن)**

**چرک ـ چرک (اندن)**

**گڤ ـ گڤ (اندن)**

مەرجی دووەم: دەبێت بنجی کارەکە بریتی بێت لە دەنگێکی سروشتی ئاوازەدار و لە توخمی نۆتەی مۆسیقا. بێگومان جۆرە دەنگی ئاوها بە پیت (گرافیم) نانووسرێت مەگەر بە مراندنی ئاوازەی دەنگەکە.

مەرجی سێیەم: ئەو دەنگە سروشتی یە کە دەبێت بە (بنج) لە چاوگی (ئاندن) دا لە هەمان کات دا دەبێت بە (بەرکار) و ئیتر رستەکە بەرکاری ناوێت. کەواتە ئەگەر رستەکە بەرکاری وەرگرت، ئەوا ئەو رستەیە لە ئەم جۆرە چاوگە نی یە.

مەرجی چوارەم: بە پێ ی خاڵی پێشوو، دەشێت رستەکە (تێپەر) بێت بە رێزمان و (تێ نەپەڕ) بێت بە (واتا). کەواتە، رێزەکانی ئەم جۆرە مەرجە کە تێ پەڕ بن (رێزمان) و کە تێ نەپەڕ بن بە (واتا). بە ئەم پێ یە، ئەگەر ئەم مەرجە پەیدانەبوو، ئەوا لە بابەتی دەنگی سروشتی ترازاوین.

مەرجی پێنجەم: ئەم جۆرە رستەیە هەرچەند توخمی دەنگ هەڵناگرن بە بەرجەستەیی، بەڵام واتای ئەوە دەبەخشن کە رووداوی کارەکە بە دەنگ و ئاوازەوە روودەدات کەواتە چاوگی (ئاندن) لە دەنگی سروشتی دا مەرجە هەواڵ گەیەنی (ئاوازە) بێت.

## پوختە:

لە نێو ئەم توژینەوەیەدا چەند سەرنجێک هەن کە دەشێت بە پوختەیی بی خەینە نێو چواچێوە وەک:

* چاوگی (ئاندن) و رێژەکانی بە رەهایی و بە بێ بەرهەڵست روو دەکەن لە کارە بنجی یە تێ نەپەڕەکان و دەیان کەن بە (تێپەڕ). ئەم دەروازەیە واڵایە بۆ گشت ئەو کارانەی کە (بکەر)ەکەیان چالاکی ووزە بەخشین نانوێنێت.

* وەک تەواوکەرێت بۆ خاڵی پێشوو چاوگی (ئاندن) و رێژەکانی دادەمێنن لە ئاستی ئەو کارانەدا کە بکەرەکەیان چالاکە و وزەبەخشە وەک (هاتن، چوون، رویشتن).

* سەرەڕای ئەوەی گوترا چاوگی (ئاندن) و رێژەکانی بریتین لە دەروازەیەکی واڵا بۆ گشت (دەنگە سروشتیەکان) وەک (چریکە: چریکاندن).

* لە چاوگ و رێژەکانی دەنگە سروشتیەکان دا دەنگە سروشتیەکە دەبێت بە (بنج)ی چاوگی (ئاندن) و رێژەکانی و لە هەمان کاتدا بنجەکە دەبێت بە (بەرکار) بۆ کارەکە. کەواتە لە چاوگ و رێژەکانی دەنگە سروشتیەکان دا، کە بە چاوگی (ئاندن) دروست دەبن، بنجی کارەکە یەکسان دەبێت بە (بەرکار)ی کارەکە، وەک:

[**بنجی کار = بەرکاری رستە**]

* ئەو کارە سروشتیانەی کە بە چاوگی (ئاندن) چێ دەبن بە (رێزمان) تێ پەڕن و بە (واتا) تێ نەپەڕن، هەر لەبەر ئەوە ناتوانن بەرکار وەربگرن چونکە بنجەکەیان یەکسانە بە بەرکاری رستەکە.

* چاوگ و رێژەکانی دەنگە سروشتیەکان دایناميزم و توخمی دەنگ دەگوێزنەوە بە (ئاخاوتن). بەدەر لە ئەو جۆرە کارانە کارەکانی زمانەکە دایناميزم و توخمی دەنگ ناگوێزنەوە، مەگەر هەر باسی بکەن.

* دەنگی سروشتی لە چەشنی (گرم) لە چاوگی (گرماندن) و بریتی یە لە دەنگێکی ئاوازەیی و وشەی (گرمە) بریتی یە لەناوی ئەو دەنگە لە دیوی (ئاخاوتن)دا. کەواتە:

نووسینی وشەی (گرم) بریتی یە لە چاری ناچار، ئەگەر نا ئەوە دەنگە دەشێت بە ئاوازەوە یان بە (لاسایی کردن)ەوە گۆ بکرێت لە زمانی کوردی دا، چاوگی ئاندن و رێژەکانی هەواڵی ئەو ئاواز و ریتمە دەگزێنەوە.

لە کۆتایی دا. بە هیوایین خزمەتێکی بچووکمان پێشکەش کردبێت بە رێزمانی چاوگی (ئاندن) و رێژەکانی.


## سەرچاوەکان:

١- شادومان سالار نەریمان، ناوی دەنگ لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٢.

٢- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، رێزمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٢.

٣- د. نەسرین فەخری، پاشگری (ئاندن) لە زمانی کوردی دا، بەغدا ١٩٧٥.